خۆشەویستیی خاک یان بیری نەتەوەیی لە ئەدەبی هەورامیدا

سدیق بابایی

کۆسەی هەجیج ـ کامێرای پەیام

زۆرجار، لێرە و لەوێ، باسی ئەوە کراوە کە ئاسەواری ئەدەبی جێماو بە دیالێکتی هەورامی زۆرتر قورسایی خۆی خستۆتە سەر باسی خواناسی، سۆفیگەری و وەسفی یار و سروشت و کەمتر بۆ لای نیشتمان و نیشتماندۆستی و ژان و ئازارە سیاسی و کۆمەلایەتییەکان ئاوڕی داوەتەوە. ئاوڕێکی کورت بۆ سەر گەنجینەی پڕ بایەخ و ئەدەبی ئەم بەشە لە کوردستان وێڕای ئەوەی خوێنەر دەباتە نێو دەریایەکی کەشفنەکراوی ئەفسانەیی و تا ئێستا نەناسراوەوە، ئەو ڕاستییەش دەخاتە ڕوو کە ناوچەی هەورامان هەروەک ڕەسەنایەتیی مێژوویی ناوچەکە حاشاهەڵنەگرە، بەڵکوو خاوەن زمانێکی دەوڵەمەند و ئەدەبیاتی هێند چڕوپڕە کە لە هەموو بوارێکیدا شیاوی توێژینەوە و بەناخاچوونە.

گرنگیی مەسەلەکە ئەوکات زیاتر دەردەکەوێ کە لێکۆڵینەوەی زانستیی بەرفراوان لەسەر لایەنە جیاجیاکانی ژیانی خەڵکی ئەم ناوچەیە بکرێ. بێگومان ئەوکات شتی زۆر بەنرخ و دانسقە و نەبیستراو یان کەمتر بیستراوی ئەوتۆی لێ دەردەکەوێ کە بەدڵنیاییەوە بۆ خوێنەر و بەتایبەت بۆ هۆگرانی بەشە جیاجیاکانی کۆمەڵناسی سەرنجڕاکێشە.

ناوچەیەکی شاخاوی لەسەر یەک زەوی تەختی کەمبەردەڵان و شیاوی جووتی چەند ڕۆژ تراکتۆری زەویکێڵانی تێدا دەست ناکەوێ. پارچەیەکی نە زۆر بە پانتایی بەرچاو، لە بەراورد لەگەڵ هەر نەبێ ڕۆژهەڵاتی کوردستان ـ ناوچەکانی تر ـ کە باغ و باغات و جۆگە و شوێنی پشوودان و تەنانەت ماڵەکانی خەڵکەکەشی بە ڕەنجی شان و باهۆی ئەو خەڵکە و بە دوور لە دەستتێوەردان دامودەسگاکانی پێشکەوتووی سەنعەتیی ئەمڕۆ بۆ ژیان و حەسانەوە هەر لە سەرەتای دیاری مێژووی ناوچەکەدا بە دەستی هێز و پڕ لە هیوای خۆشەویستی ئەم بەربوومە سازکراوە.

هەورامان مەڵبەندێکی کۆن، چڕ و شاخاوی، لوتکەی بەرز و ئاو و کانیاو و ڕووباری خوڕ، گوڵ و گیانی بۆنخۆش و ڕەنگاوڕەنگ و دەرمان بۆ چارەسەرکردنی زۆر نەخۆشیی لەش، مەڵبەندی چنوور، بەڕەزا، وەرکەمەر، بەرزەڵنگ، شەوبۆ، بۆژانە، گوڵەسۆسەن، قەقڵەبازی، هەرمەڵێ، شلێر و نێرگز و هەزارانی تر سروشتە جوانەکەی دەڕانێننەوە و سەد هێندەی دیکە دڵگیر دەکا. وەرز لێرە مانا و ناوەڕۆکی تایبەتی و هەروەتر جوانی و دیمەنی تایبەت بە خۆی هەیە، نە جوانیی وەرزی پاییزی ئەم بەهەشتە ڕاستەقینەیە لەگەڵ پاییزی هیچ شوێنێکی تر هەڵدەسەنگێنرێ و نە گونجاو دێتە پش چاو بۆ زستان و بەهار و هاوینە جوانەکەی هاوتا و هاونرخی دووەم پەیدا ببێ. لێرەدا شاخ و دۆڵ، چەم و خەم، سێو و مەم، زۆڵف و چنوور، هەنار و دڵ، سوڵی باڵا، شینیی شەتاو، شنۆی سەرکاو، بولبولی مەست، شەونمی سوب و تاقچەی مەغار، تۆفی هەوای سارد، مەودای مۆژان، هەموو وا لێکئاڵاون کە پەیکەری پڕ نەقشیان بە ناوی هەورامان خوڵقاندووە. تایبەتمەندیی ئەم دیاردەیە لەوەدایە، کەس ناتوانێ جوانیی یار و سروشت لێک جیا بکاتەوە.

خەمی سروشت، لێڵی ئاو و گرژیی تەمومژی کێو لەگەڵ خەمبەباری و تووڕەیی و نامورادیی لەیل یان مەجنوونی هەردەکێڵ یەک خەم و یەک ئازارە. ئازار لێرە ئازاری هاوبەش، ئەگەر سروشت ڕازاوە و شاد و گەش بێ، مرۆڤیش هەر هەمان حاڵی هەیە. بە پێچەوانەوە جۆشینی بەفراوان، هاوەدەنگی ڕژان، باهوروژمی سێلاو لە دیدەی یاری وەفادار، ئەوجا ئەگەر ئەمە پێفامی تاڵ یان شیرینی لەگەڵ بێ، ئەوە یەکلایی نییە. بە یەک مانا خەڵک و سروشت لەیەکدا تواونەتەوە، یەکێکیان بێ ئەوی تر ناتەواوە و هەڵناکا، لێکدابڕان کۆسپێکی گەورە و بڕینێکی لە ساڕێژکردن نەهاتووە. لە یەکەم دیداری هەر بینەڕێکدا بەڕوونی هێزی ئەم ئەوینە قووڵ و بێبڕانەوەیە لە دیمەنی گوند و کۆڵان، دیوار و دەرکەی ماڵ، حەوشە و بەرهەیوان و مزگەوت و خانەقا و کەوێڵ و سەرکانی و شێوازی باغ و باغاتەکانیدا جۆ ئاشکرا دەکا. کەمتر کەس هەیە لە یەکەم نیگادا مات و حەیرانی ئەم بڕوا بێپایانە نەبێ، کە توانیویەتی لە دڵی ئەو شاخە هەزاربەهەزارانەدا بۆ چەقاندنی چڵەهەنار و چڵەهەنجیر یان چڵەمێوێک بە هەزاران گەز دڕێژ بۆ دەربازکردنی جۆگەئاوێک دڵی شاخیان هەڵکۆڵیوە، یان بۆ سازکردنی تاقەماڵێک تەنیا بە هێزی دەست و پەنجەی ئەوینی ژیان لە سەر ئەو خاکە لە زەوییەکی ڕژد و شێوەڵانێکی بەرداوی وەهادا دەبێ چ ڕەنجێک کێشرابێ.

ڕەمز و ڕازی ژیانی دێرین و چەند هەزار ساڵە لە پەنا ئەم تاشەبەردانەدا چ سرێکی تێدایە و کام هێز توانیویەتی ئەوینی ژیان بەست بەستی ئەم لوتکە شاخ و دۆڵە چڕانە ئەوەندە قووڵ و بێبن بکا! کە وێڕای ڕەنجی بێپایان بۆ مانەوە و لەدەستنەدانی شریخەی شەتاو، خوڕەی ئاو و قاسپەی کەوی کۆسارانی لەگەڵ سۆزی سیاچەمانە، کناڵەیل، پێچەپەچەکا، سەحەری، مینادا، ولەهەنارگیان، خاڵ سیا و لەیلێ، ئایشیی ڕۆ و دەرەیی تێکەڵاو بکا و گۆرانیی ئەوین و دڵداری بۆ دۆڵ و چیا و بڕدار و دەوەن بۆ گوڵ و گیا و بۆ سات بە ساتەکانی ژاین لە گوێی یەکتر بچڕێنێ.

(هەوڵیئم) سەراوەن (مەیدان) بەهەشتەن
ئێستە (کۆی مەکاڵ) جێگەی گوڵ گەشتەن
سەراو چۆن (هەوڵی) مەسکەن چۆن (پاوە)
ماچی بەهشتەن لە ڕووی دونیاوە

یان:

نازک خەیاڵان پاسەشان واتەن
(هەوڵی) کەوسەری ڕووی سەر بە ساتەن
دووری شان ئایز نە جەرگم وەردان
شەماڵ ئاختێز کەر دەخیل هامەردان
ئەوسا ڕوو بنیە وە ڕووی (پاوە) شار
ئێڵ فەرزەن شەماڵ یە گشت بەر کەنار

مینورسکی دەڵێ: وێڕای ئەوە دەوڵەتەکانی ئینگلیس و عوسمانی ماوەی پانزدە ساڵ بە مەبەستی پیلانگێڕان جیرە و مەواجیان بە جەعفەر سوڵتان دەدا جافەر سوڵتان و چەکدارەکانی هەورامانی یەکەم پارێزەرانی سەرحەد بوون کە دژی بێگانەی هێرشکار بەرئەنگاری چەکداریان کرد.

مینورسکی کە بۆ دانانی سنوور دەچێتە هەورامان لە «سەفەرنامەی ئەبودۆلف»دا دەنووسێ: لە ساڵی ١٣١٤ میلادی (٣٣٢ق) کە میوانی جافەر سوڵتان سەرۆکی ناوچە بووم لە هێلانی (هەڵۆ) لە (نەوسوود) دیتنم کرد.

ئەو، مینورسکی، دەڵێ: دڵدانەوەی دەوڵەتەکان نەیتوانی کار بکاتە سەر نیشتمانپەروەری و ئینا بە پارێزگاری وڵاتەکەی و تا تێکچوونی حکوومەتی قاجارەکان و کۆتایی دەسەڵاتی پێشووی سیاسیی ئینگلیزەکان و هاتنە سەر کاری پەهلەوی هیچ بەیاننامەیەکیان ئیمزا نەکرد و سنووری دەستکردیان نەناسی.(١)

خۆشەویستیی زێد یان دایکزاد لای خەڵکی ئەم مەڵبەندە لە کۆنەوە لەناو دڵ و دەروونی دانیشتووانیدا ڕەگ و ڕیشەی داکوتاوە، ئەو شەڕانە کە مێژووەکەیان بە کەموکووڕی لێرە و لەوێ بە نووسراو یان سنگ بە سنگ بۆ نەسڵی ئێستا ماوەتەوە بەڵگەی ئەم عیشقە پیرۆزەیە بۆ نەسڵی ئێمە و داهاتوو. شەڕی بەرگری لەم بەشەی نیشتمان ڕەنگە ئەگەر بێ وێنە نەبێ، وێنەی زۆر نەبن. لە هەورامان کەمتر شیو و دۆڵ و شاخ و بەرزایی هەیە کە ئاسەواری گۆڕی چەندین کەسی بە ناو ناسراو یان نەناسراوی لێ نەبێ. بەرەنگاریی هێرشی بێگانە کە مەبەستی دەسەڵاتخوازی ئایینی یان هەر هۆیەکی تایبەتی تری تێدا بووبێ، گۆشەیەک لە مێژووییترین حەماسەکانی کوردان لەم بەشە لە کوردستاندا لە بەرانبەر لەشکری عەرەبەکان بۆ وێنە شیاوی باسە.

زیاتر لە ٣٧٠ ساڵ بەر لە ئێستا شاعیرێکی کورد هێرشی عەرەبەکان بۆ سەر کوردستان بە گشتی و ئەم بەشە بە تایبەتی بەم شێوەیە تۆمار دەکا. خەم و پەژارەی شاعیر لە گێڕانەوەی بەسەرهاتەکەدا ئەوەندە مامۆستایانە دەربڕاون، کە خوێنەر پاش زیاتر لە سیانزدە سەدە هەست بە سارێژنەبوونی بریتی ئەم تراژیدیا گەورەیە دەکا.

هورمزان ڕمان ئاتران کوژان
وێشان شاردەوە گەورە گەورەکان
زورکاری ئەدب کردنە خاپور
گنائی پاڵە هەتا شارەزوور
شەن و کەینکاوە دیل بشینیا
مەرد نزا تلی وە ڕوی هۆینا
ڕەوشتی زەردەشت مانۆ وە بێ کەس
بزێکا نیگا (هورمز) وە هیچ کەس(٢)

واتە: مزگەوتەکان ڕووخان، ئاگرەکان کوژانەوە، گەورەپیاوان خۆیان شاردەوە. هەموو شوێنێکیان وێران کرد، هەر لێرە تێکەوتن هەتا شارەزوور، ژن و کچەکانیان بە دیل گرت. ئەوەی ئازا بوو، توان بەرەنگاری لە خۆی بکا لە خوێن گەوزا. پیاوە ئازاکان لەوانە بوون. ئیتر ئایین و ڕەوشتی زەردەشت بێ یار و یاوەر دەمێنێتەوە و هورمز بەزەیی بە کەسدا نایەتەوە.

بابە سەرهەنگی دەودانی، کە پێش ساڵەکانی ٣٢٤ی کۆچی ژیاوە و یەکێک لە کادیر و گەورەپیاوانی ئایینی (یاری) بووە، دەڵێ:

سەرهەنگ دەودان سەرهەنگ دەودان
ئەز کە نا ممەن سەرهەنگ دەودان
چەنێ ئێرمانان مەگێڵم هەردان
مەکۆشم پەرێ ئایینێ کوردان

واتە: من کە ناوم سەرهەنگی دەودان لەگەڵ مرید و ژێردەستە و هاوبیرەکانی خۆم بە هەموو وڵاتی کوردستان دەگەڕێین بۆ زیندووکردنەوە و پەرەپێدان بە ڕێ و ڕەوشتی کوردان و بۆ ڕاگرتنی ئەم ڕێبازە کۆنە کوردییە تێدەکۆشین.

بابە سەرهەنگ دەڵێ:

پەی ئامانتان پەی ئامانتان
گرد ئامدە بان پەی ئامانتان(٣)
ئەز مەرهەم مەنیە و نەزامانتان
مەرەسم وەحەق ئیمامانتان

واتە: هەموتان کۆ ببنەوە و خۆ ئامادە بکەن. ئێوە کە هاوارتان لێ بەرز بۆتەوە و هاناتان بۆ من هێناوە دەسا خۆتان بۆ سەروەنەبەردی بێگانە ساز بکەن، تا منیش مەڵهەم بنێمە سەر زامەکانتان و تۆڵەی ئەو پێشەوا و گەورانە کە لەبەر ئەم ڕێبازە گیانیان لە دەست داوە بستێنمەوە.

لە جێگایەکی ترا شاوەیس قوڵی ٨١٠ تا ١٠٠٠ی کۆچی باسی کوردان و ئازایەتیی ئەوان دەکا و دەڵێ:

ئەسڵمەن جە کورد ئەسڵمەن جە کورد
با بۆم کوردەنان ئەسڵمەن جە کورد
من ئەو شێرە نان چەنی دەستەی کورد
سلسلەی سوپای زوحاک کەردم هورد(٤)

واتە: ئەگەر لە ئەسڵ و نەسەبی من دەپرسن بابم کورد و لە ڕەگەزی کوردانم. من ئەو شێرەم کە لەگەڵ کۆمەڵی کوردان لەشکری زوحاکم لەناوبرد و بە یارمەتیی خەڵک ئەو پاشا ملهوڕ و ستەمکارەم لەناوبرد و ڕزگاریم بۆ خەڵک هێنا.

لە سەدەی پێنجەمی کۆچی، زیاتر لە ٨٥٠ ساڵ پێش پیرشالیاری هەورامی، خەڵکی لە بەرانبەر هێرشی دوژمندا بۆ پتەوکردنی یەکێتی و پارێزگاریی ڕیزەکانی گەل بانگهێشتن دەکا:

وەروێوە وارۆ وەروە وەرێنە
وەرێسە برێو چوار سەرێنە
کەرگێ سیاوە هێڵە چەرمێنە
گۆشڵێ مەمێریۆ دووە بەرێنە(٥)

واتە: هێرشێکمان لەسەرە کە توانەوە و قڕکردنی تێدایە، ئەگەر یەکێتیی خۆمان لە بەرانبەر ئەم هێرشەدا نەپارێزین وەک گوریسێک لەت لەت کرابێ هێزی خۆڕاگریمان نامێنێ و توانای بەرەنگایمان لاواز دەبێ. هەروەک گۆزەیەکی شکاو بێ و کونی تێ کرابێ، دوژمن لەو کەلێنەوە نفوز دەکا. یەکێتی سەرکەوتن دەستەبەر دەکا، ڕووناکی لە دڵی تاریکی سەر دەردێنێ وەک چۆن لە مریشکی ڕەش هێلکە بەرهەم دێ.

هەورامییەکان بەو بەفرە لە کۆتایی زستان و سەرەتای بەهاردا دەبارێ دەڵێن: "وەروە وەرێ" واتە: "بەفرە خورە." بارین و نیشتنی ئەم بەفرە لەسەر بەفری کۆن لە سەرەتای بەهار و دەمەدەمی نەورۆزدا دەبێتە هۆی توانەوە و لەناوچوونی بەفری کۆنتر. پیرشالیار، دوژمن بە بەفرە خورە دەشوبهێنێ و بەم چەشنە خەڵک هۆشیار دەکاتەوە. پیری مەزن و خاوەنبڕوا هەبوونی نەتەوەی کورد بۆ بەهێزکردنی بیری نەتەوەیی لەناو خەڵکدا بە چەشنی خوارەوە بڕوای خۆی دەسەلێنێ:

داران گیان داران جەرگ و دڵ بەرگەن
گاهێ پڕ بەرگەن گاهێ بێ بەرگەن
کەرگە جەهێڵەن هێڵە جەکەرگەن
ڕواس جە ڕواس وەرگ چە وەرگەن

واتە: درەختەکان وەک ئادەمیزاد و گیان و جەرگ و دڵیان هەیە کە گەڵاو و ڕیشەیانە، ماوەیەک پۆشش و پارێزگاریی تەواویان بە هۆی گەڵاکەیان هەیە و ماوەیەک، کە گەڵاکەیان دەوەرێ، بێ پۆشش دەمێننەوە، بۆیە بەناچار تەسلیمی وەرزی زستان دەبن، هەروەک چۆن دار پێویستی بە بەرگ و گەڵا و ڕیشە هەیە مرۆڤیش بەبێ یارمەتیدان و هاوخەباتی و یەکێتیی ژیانی ئاسوودە و کامەران بە دەست ناهێنێ. مریشک لە هێلکە و هێلکە لە مریشکە، ڕەچەڵەکی ئێمە دیار و حاشاهەڵنەگرە، وەکی ڕێوی لە ڕێوی پەیدا دەبێ و گورگ لە گورگ و گیا لەسەر بنجی خۆی دەڕوێ، نەتەوەی ئێمە بنەچە و ڕەچەڵەی دیاری خۆی هەیە، هەربۆیە پێویستە بە یەکێتیی ڕیزەکانی ئەو بنەما دێرینە بپارێزێ. پیرۆزی و ڕێزی ڕەچەڵەکی کورد لە پرسیار نابێ و چ نەتەوە و ئایینێک بۆی نییە ڕێز و بایەخەکانی بخاتە ژێر پرسیار و خۆی زاڵ بکا.

هێندێک توێژەرەوە لایان وابووە کە مەبەستی پیرشالیار لەم شیعرانە هێرش و پەلاماری هەمەلایەنەی عەرەبەکان بۆ لەناوبردنی نەتەوەی کورد بووە. دیارە تا ساڵی ٧٤٢ی کۆچیش ناوچەی هەورامان هەر بە ڕووداڵەت ڕێزیان بۆ ئیسلام و ڕێوشوێنەکانی داناوە و لە بنەوە لەسەر ڕەوشتی زەردەشت و ڕێنوێنییەکانی «ماریفەت»ی پیرشالیار ڕۆیشتوون.

ئاسەواری ئەدەبیی بەجێماو لە پێشینانی ئێمە تەنیا لە تۆماری بەسەرهاتە مێژوویییەکان و بڕوای ئایینی و... کۆ نابێتەوە، بەڵکوو هەر گۆشەیەکی ئەم گەنجینە بەنرخانە پڕە لە هەستی وڵاتپەرستی و نیشتماندۆستی و پەند و ئەندەرزی حەکیمانە بۆ پاراستنی یەکێتیی گەل و پارێزگاری لە نیشتمانی ئازیزی کوردستان. زۆرجار بە چەند دێرەشیعر مێژووی سەردەمیان تۆمار کردووە، یان مەسەلەیەکی زانستی، ئابووری، کۆمەڵناسی و ئایینی و... بۆ شی کردوونەوە.

بەرەنگاریی هێرشی بێگانە کە مەبەستی دەسەڵاتخوازیی ئایینی یان هەر مەبەستێکی تر بووبێ گۆشەیەکە لە مێژووی حەماسەکانی کورد لەم بەشەی کوردستان. لە پەنای سێبەری ئەم بەرپرسیارێتییەدا ڕێبەر و ڕووناکبیرانی یەک لە دوای یەکی سەدە جیاجیاکانی کوردی ئەم گۆشەیەی کوردستان توانیویانە عیشق و

ل٢٤